ژمارە (3395)
سێ شەممە 9ی شوبات 2010
20ی ڕێبەندان 2709ی کوردی
(25)ی صفر 1431 کۆچی
«16» لاپەڕە
«500» دینار

XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

## هاوپەیمانی کوردستان داوایەکی لە دژی حکوومەتی فیدراڵ بردەوە

**خەبات ـ نینا:** هاوپەیمانی کوردستان ڕایگەیاند: ئەو داوایە دادوەرییەی بەدەستهێناوە کە لە دژی حکوومەتی مەرکەزی سەبارەت بە بڕیاری دواخستنی سەرژمێری گشتی بەرزیکردبۆوە. لەوبارەوە، موحسین سەعدوون پەرلەمانتار لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا گوتی: پێشتریش لیستی هاوپەیمانی کوردستان ناڕەزایی لەسەر دواخستنی سەرژمێری گشتی دانیشتووان دەربڕیبوو کە بڕیاربوو لە 1ی تشرینی یەکەمی ڕابردوو ئەنجامبدرێت و بە حکوومەتی ڕاگەیاندبوو کە سەرژمێری پێویستییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتییەو وێنەی ڕاستەقینەی گەشەکردنی دانیشتووان لە وڵات دەخاتەڕوو. سەعدوون گوتیشی: حکوومەت لە ژێر چەند بەهانەیەک سەرژمێری دواخستووە لەوانە تێکەڵبوونی چەند قەزاو ناحییەیەک بەیەکتری، بەهۆیەوە لە دادگا داوامان لەسەر حکوومەتی فیدراڵی بەرزکردەوە. دوای ئەوەی دادگا وردبینی لە داواکە کردو بڕیاریدا ڕێکاری حکوومەت لەوبارەوە یاسایی نییە.

3 پەرلەمانتارانی کوردستان نیگەرانن بەرامبەر بڕیاری گەڕانەوەی دوورخراوە بەعسییەکان
4 ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا سوودی سەر قەرزی کشتوکاڵ هەڵبگیرێت
9 هەڵسەنگاندنێک لەسەر کاری دۆبلاژ لە کوردستاندا
10 چێشتلێنان لەنێوان حەزی کچان و مەرجی کوڕان بۆ هاوسەرگیری
12 دەوڵەتی Google... ئیمپراتۆریەتێک هەڕەشە لە وڵاتە چەوسێنەرەکان دەکات

# حکوومەتی هەرێم بە مەرج دەست بە هەناردەکردنی نەوت دەکاتەوە



وەزیری سەرچاوە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕوونیکردەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی وەڵامی ئەو نامەیە دەکات کە پێشتر لەبارەی پرسی هەناردەکردنی نەوتەوە ڕەوانەی سەرۆک وەزیرانی ئێراقی کردبوو. ڕاشیگەیاند، هەولێر بەمەرج دەست بەهەناردەکردنی نەوت دەکاتەوە. ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، تا ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ئەو نامەیەی بەدەست نەگەیشتووە کە مانگی ڕابردوو دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەبارەی پرسی نەوت و گرێبەستەکانی هەرێمەوە ئاراستەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێراقی کردبوو. ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ لەزاری هەورامییەوە بڵاویکردەوە لەو نامەیەدا پێشنیازی دەستکردنەوە بەهەناردەکردنی نەوت لەلایەن هەرێمی کوردستان بەپێی چەند مەرجێک کراوە، بەڵام تا ئێستا بەغدا وەڵامی نامەکەی نەداوەتەوە. سەبارەت بەکاتی دەستپێکردنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان گوتیشی: ئێمە لەپێشنیازەکەدا مەرجمان داناوە بۆ دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی خاو، هەر کاتێک حکوومەتی فیدراڵ قایل بوو بە مەرجەکان، حکوومەتی هەرێم دەست بەدووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی بەرهەمهێنراوی خۆی دەکاتەوە.

## جەماوەری ناحییەی زوممار ڕێگەنادەن ئەسیل نوجێفی سەردانی شارۆچکەکەیان بکات

**خەبات ـ سەعید مەموزینی ـ مووسڵ:** موزاحم سلێمان بەڕێوەبەری ناحیەی زوممار بەخەباتی ڕاگەیاند، جەماوەری زوممار لەکۆبوونەوەیەکدا لەنزیک لێژنەی ناوچەی پارتی لەو ناحیەیەدا، داوای گەڕانەوەی دەڤەرەکەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری ئێراق کرد، هەروەها گوتیان، قەبووڵ ناکەین ئەسیل نوجێفی بێتە شارۆچکەکەمان و دان بە پارێزگاری نەینەوا نانێین تا ئەو ڕۆژەی هەردوو لیستی نەینەوای برایەتی و حەدبا بگەنە ڕێککەوتنێک. لەلایەکی دیکەوە لۆرییەک دەرمان وەکو هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر 5 بنکەی تەندروستی ناحیەی زوممار دابەشکرا. هەروەها شاندێکی هێزە فرەڕەگەزەکان بەسەرپەرشتی کاپتن (ڤی) سەردانی ناحیەی زومماریان کردو لەلایەن بەڕێوەبەری ناحیەوە پێشوازیی لێکرا و لەدیدارەکەیاندا باس لەڕەوشی ئەمنی و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و خاڵی پشکنینی هاوبەشکرا.

## فازڵ نەبی: سفرەکانی سەر دراوی نیشتمانی ئێراقی فیدڕاڵ لانابرێن

بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری ئێراق ڕایگەیاند، سفرەکانی سەر دراوی نیشتمانی ئێراق لانابرێن و بە ڕەسمیش بۆ لابردنی ئەو سفرانە هیچ شتێک بە وەزارەتەکە نەگەیشتووە. فازڵ نەبی بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری ئێراق بە ئاژانسی ئاکانیوزی ڕاگەیاند، لابردنی سفرەکانی سەر دراو هیچ سوودی ئابووری لێناکەوێتەوە، بگرە تووشی هەندێک گرفتی دیکەمان دەکات، لە دەرکردنی جۆری پارە نرخ کەمەکان وەک 10 فلسی 50 فلسی و ڕوبع و نیودیناری. فازڵ نەبی گوتیشی: بەڕەسمی بۆ لابردنی سفرەکانی سەر دراو هیچ لەگەڵ ئێمە باس نەکراوەو هیچ سیاسەتێکیش لە ئارادا نییە بۆ لابردنی سفرەکان. لابردنی سفرەکان تەنیا سوودی دەروونی دەبێت، هەروەها لە بەرامبەر دراوەکانی دۆلارو یۆرۆ لەو نرخەی ئێستای زیاتر نابێت و توانای کڕینیش وەک خۆی دەمێنێتەوە. لای خۆیەوە ئابووریناس ڕزگار قادر ڕایگەیاند، کاتێک

بۆ ل13

## ئێراق... ماوەی کارکردنی نێردەی ئەورووپا بۆ سەروەری یاسا ساڵێکی دیکە درێژکرایەوە



**خەبات ـ نینا:** وەزارەتی دەرەوەی ئێراق لەگەڵ نێردەی ئەورووپا بۆ سەروەری یاسا ڕێککەوتن لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنیان بۆ ساڵێکی دیکە لە ئێراق، بەو پێیەی ئەو نێردەیە بە قەوارەیەکی گەورە پاڵپشتی بواری ئەمنی و بەرگری ئێراق دەکات. لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەدا هاتووە، هوشیار زێباری وەزیری دەرەوە لەکاتی پێشوازیکردنی لە فرانشیسکۆ دیاز ئەلیکانتۆد سەرۆکی دەستەی نێردراوی ئەورووپا بۆ سەروەری یاسا، ڕەزامەندی نیشانداوە ماوەی کارکردنی دەستەکە بۆ ساڵێکی دیکە لە ئێراق درێژ بکرێتەوە لە ڕێکەوتی 2009/7/1، هەروەها کاری دەستەکە لە ئێراق لە ساڵانی ڕابردوو لەوەتەی پێکهێنانیەوە لە ساڵی 2005 هەڵسەنگێنرا. بەیاننامەکە ئاماژەیداوە، زێباری سوپاسگوزاری

بۆ ل13

## فەرەج حەیدەری: کۆمیسیۆن ئامادەیە هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا بەڕێوەببات



فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تەئکیدیانکردەوە، کۆمیسیۆن سوورە لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا لە 7ی ئادار و گوتی: سەرەڕای هەموو گرفتەکانی پەیوەست بە پرسی دوورخراوەکان، کۆمیسیۆن ئامادەیە هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا ئەنجامبدات و چارەسەریشی ئامادەکردووە بۆ سەرجەم ئەو ئەگەرانەی کە ڕەنگە بێنە پێش لە دوارۆژدا لەلایەن دەستەی تێهەڵچوونەوەو دادگایی ئیتیحادییەوە. حەیدەری تەئکیدیکردەوە، کە کۆمیسیۆن تۆمارێکی بەناوی پاڵێوراوە دوورخراوەکان ئامادەکردووەو دەتوانێت بەهۆیەوە خۆی لەگەڵ هەر پێشهاتێک بگونجێنێت ئەگەر لە دوارۆژدا ڕوویدا. هاوکات فەرەج حەیدەری داوای لەسەرجەم پاڵێوراو و قەوارە سیاسییەکان کردووە پابەندی ڕێنماییەکانی ئەمینداریەتی بەغدا تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بن. حەیدەری گوتی: سزای دارایی و بەدواداچوونی یاسایی هەیە بۆ ئەوانەی ڕێنماییەکانی ئەمینداریەتی بەغدا تایبەت بە پۆستەرەکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن پێشێل دەکەن و لەوانەیە سزاکان بگەنە 50 ملیۆن دینارو 6 مانگ زیندانی.

## دوای نامەکەی مالیکی بۆ سامەڕایی کۆبوونەوەی دوێنێی پەرلەمان ڕاگیرا



**خەبات ـ نینا:** ئەیاد سامەڕایی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی فیدراڵ کۆتایی بە دانیشتنەکەی دوێنێی پەرلەمان هێنا دوای گەیشتنی نامەیەکی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێراقی فیدراڵ کە ئاڕاستەی ناوبراوی کردبوو و تیایدا پێیڕاگەیاندبوو کە هۆکاری بەستنی کۆبوونەوەکە نەماوە. نوری مالیکی بە سامەڕایی ڕاگەیاندبوو، بەهۆی وەڵامدانەوەی دەستەی تێهەڵچوونەوە بە پێداچوونەوە بە سکاڵاکانی ئەوانەی ڕێوشوێنی لێپێچینەوەو دادوەری دەیانگرێتەوە پێویست بەو کۆبوونەوە نائاساییەی پەرلەمان ناکات و لە نامەکەیدا سوپاسی ئەندامانی پەرلەمانی کردبوو کە وەڵامی داواکەیان دابۆوەو ئەو کۆبوونەوە نائاساییەیان بەستبوو. پێشتر مالیکی داوایکردبوو، ئەنجوومەنی نوێنەران کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ببەستێت بۆ تاوتوکردنی بڕیاری ڕێگەدان بە گەڕانەوەی ئەوانەی لە هەڵبژاردن دوورخرابوونەوە بۆ بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردن.

## پەرلەمانتارێک: دەستەی تەمییز بەدەنگی ئەندامانی ئیئتیلافی نوری مالیکی دامەزرا

**ئاژانسەکان:** ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق قەیس ئەلعامری ڕایگەیاند: کاتی خۆی دەستەی تەمییز بەدەنگی ئەندامانی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا دامەزراو ئەندامەکانی، ئەندامی دادگای تەمییز نین. ئەلعامری لەبارەی چۆنیەتی پێکهێنانی دەستەی تەمییزەوە گوتی: کاتی خۆی ئەو دەستەیە لە ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، بەڵکو بە جیاوازییەکی کەمی دەنگەکان پەسەندکرا. گوتیشی: ئەو ئەندامانانەی دەستەی تەمییز، ئەندامی دادگای تەمییز نەبوون و بەهۆی دەنگدانی نوێنەرانی سەر بە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاساوە پەسەندکرا و ئەنجومەن دەرفەتی ئەوەی

بۆ ل13

## ڕێکخراوی عەین: یەکلایی نەکردنەوەی دۆسیەی پاڵێوراوە دوورخراوەکان تەگەرە دەخاتە بەردەم پرۆسەی دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران

**ئاژانسەکان:** سەرۆکی ڕێکخراوی عەین بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی ئێراق ڕایگەیاند، ناکرێت دوای هەڵبژاردن مەرجەکانی بە پاڵێوراوبوون بەسەر پاڵێوراوان جێبەجێ بکرێت، سەرۆکی تۆڕی عەین بۆ چاودێریکردنی پێش کاتی هەڵبژاردنی داهاتوو ئێراق، موهەنەد کەنانی جەختی لەسەر گرنگی یەکلاییکردنەوەی دۆسیەی ئەو پاڵێوراوە دووخراوانە کردەوە کە بڕیاری دەستەی لێپێچینەوەو دادوەری دەیانگرێتەوە. موهەنەد کەنانی گوتوویەتی: بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتووی بەدەر لە لیستی تاوانکاری و بروانامەی خوێندن گرنگە مەرج و ئەرکەکان بەسەر پاڵێوراوە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن جێبەجێ و دیاری بکرێت. سەرۆکی تۆڕی عەین ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە یەکلایینەکردنەوەی دۆسیەی پاڵێوراوە دوورخراوەکان بۆ پێش وادەی هەڵبژاردن تەگەرە دەخاتە بەردەم پرۆسەی دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووی ئێراق. هەروەها گوتیشی: ناکرێت دوای هەڵبژاردن مەرجەکانی بە پاڵێوراوبوون بەسەر پاڵێوراوان جێبەجێ بکرێت، چونکە سیستەمی دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو دەشێوێنێت.

## هێزە ئێراقییەکان ئەندامێکی ئەنجوومەنی دیالە و قایمقامی پێشووی شارەبان دەسگیر دەکەن

**خەبات– بڕیار محەمەد:** لە هەڵمەتێکی بەرنامە بۆ دارێژراو، هێزێکی تایبەت لە بەغداوە دەگەنە شارەبان بۆ دەسگیرکردنی نەجم عەبدوڵڵا کە بە نەجم حەربی ناسراوە و لە ئێستادا بەرپرسی بزووتنەوەی نیشتمانی ئێراقییە لە دیالەو لە هەمانکاتدا ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالەیەو پاڵێوراوی لیستەکەی موتڵەگە بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق و پێشتر قایمقامی شارەبان بووە، سەرچاوەیەکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە دوێنێ تایبەت بۆ خەبات ئاشکرایکرد، ناوبراو لە دوێنێوە برداوەو هۆکاری دەسگیرکردن و بردنی ناوبراوی ئاشکرا نەکرد. دوێنێش لە ڕاگەیاندراوێکدا لیستی

بۆ ل13

## ئەنبار.. بەهۆی فایلی ڕەشیان 59 پۆلیس لە کارەکانیان دەرکران

**ئاژانسەکان:** پۆلیسی ئەنبار 59 ئەندامی لە ڕیزی هێزەکانی پۆلیس دەرکرد لەبەرئەوەی فایلی ڕەشیان هەبووەو دەستیان لە تاواندا هەبووە. لەمبارەیەوە سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای ئەنبار بە ڕۆژنامەی ئەلسەباحی ڕاگەیاند، لەبەرئەوەی دۆسیەی ڕەشیان هەبووە، 59 پۆلیس دەرکراون. گوتیشی: لەلایەکی دیکەوە 13 پشتێنی بۆمبڕێژکراو لە چەند قەزاو ناحیەیەکی سەر بەو پارێزگایە دەستیان بەسەردا

بۆ ل13

## سەفییە سوهەیل: ڕاسپاردەکانی سەرۆکی لیژنەی لێپێچینەوە و دادپەروەری تەنها ڕوونکردنەوەیە



**ئاژانسەکان:** ئەندامێکی پەرلەمانی ئێراق بەدووریزانی لە کات و ساتێکی وەکو ئێستادا متمانە لە دەستەی تەمییز بسەندرێتەوە. سەفییە سوهەیل ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی فیدراڵ لەسەر لیستەکەی عەلاوی لەمیانەی لێدوانێکیدا ڕایگەیاندووە، وەرگرتنەوەی متمانە لە دەستەی تەمییز لە کات و ساتێکی وەکو ئێستا زەحمەتە. سەفییە سوهەیل گوتیشی: ڕاسپاردەکانی سەرۆکی لیژنەی لێپێچینەوەو دادپەروەری تەنها ڕوونکردنەوەیەو هیچی دیکە نین و ناچنە بواری یاساییەوە، ئەمەش لە دوای ئەوەی دەستەی تەمییز بڕیارەکانی لیژنەی ناوبراوی هەڵوەشاندەوە.

13

## ئەمەریکا... تەقینەوەی وێستگەیەکی کارەبا دەیان قوربانی لێکەوتەوە



**ئاژانسەکان:** تەقینەوەیەکی گەورە لە وێستگەیەکی کارەبا لە ویلایەتی کۆنیتێکتی ئەمەریکا ڕوویداو لە ئاکامدا بەلانیکەم 50 کەس گیانیان لەدەستدا و ژمارەیەکی زۆری دیکەش بریندارببوون. بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ لە ئەمەریکا، تەقینەوەکە لە وێستگەی کلین ئینێرجی لە شاری میدل تاون کە دەکەوێتە باشووری شاری هارت فۆرد ڕوویداوەو زیانی ماڵی و گیانی زۆری لێکەوتۆتەوە، دەستبەجێ ئەمبولانس و تیمەکانی فریاگوزاری گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو دەستیان بە فریاگوزاری لێقەوماوان کردووە و بەدوای بەرکەوتووەکاندا دەگەڕێن. لەلای خۆشیەوە، پۆلیس ڕایگەیاندووە، کە ڕووداوەکە

13

### هەواڵی چاوەڕوانکراو

* ڕەنگە دەستەی لێپێچینەوەو دادوەری بەهۆی تاوانبارکردنی لەلایەن ساڵح موتڵەگەوە بە نایاسایی، موتڵەگ بداتە دادگا.
* چاوەڕێ دەکرێ، سەرەتای مانگی دادێ ئێران 10 دامەزراوەی نوێ بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم بخاتەکار.
* پێشبینی ناکرێ واشنتۆن و تاڵیبان دانووستانی ڕاستەوخۆ ئەنجامبدەن.